## دەروێش سەرحەدی:

# هونەری کوردی لە هەموو کوردستاندا پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە

**باکووری کوردستان وەك هەموو پارچەکانی دیکە هەمیشە شوێنی پێگەیشتنی هونەرمەندی رەسەن و بە توانا بووە، هونەرمەندی کورد هیچ کاتێك لە ئێش و ئازاری داگیرکردن بێبەش نەبوون، بۆیە هەمیشە ژێردەستی و خەباتی رزگار بوون و پاراستنی کەلتوور و زمان ئاوێتەی گۆرانی و لاوکەکانیان بووە. دەروێش سەرحەدی یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کە خاوەن بەهرەیەکی هونەریی لە بن نەهاتووە، چونکە جگە لە دەنگە خۆشەکەی، شارەزاییەکی زۆری لە ژەنینی چەندین ئامێری میوزیکی رەسەنی کوردی هەیە، لە دەرفەتێکدا ئەم گفتوگۆیە درووست بوو.**



سەرەتا دەروێش گوتی: ئاشکرایە کوردستان سەدان ساڵە داگیر کراوە و بە هەموو شێوەیەك هەوڵی لە ناوبردنی کەلتوور و زمانی ئێمەیان داوە، بەڵام سەرەڕای هەموو شتێك هونەری کوردی پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە جا گۆرانی و میوزیك یان شانۆ یان شێوەکاری بێت، جاران هونەری کوردی لە گوند لە شایی و گۆڤەندەکان زیاتر ناسرا بوو، ئێستا چووەتە شار و ئۆرکێسترا و تاد، پێویستە هەوڵ بدەین ئەم پێشکەوتنە پەرە پێبدەین بەرەو باشتر و پرۆفیشناڵتر بەتایبەتی لە بواری مەقام و گۆرانییە رەسەنە کوردییەکان کە ئێمە پێی ناسراوین بۆ ئەوەی ناسنامەی هونەری خۆمان لە دەست نەدەین.

سەبارەت بە پارچەکانی کوردستان دیارە هەر پارچەیەك بە بارودۆخی سیاسی تایبەتیدا تێپەڕیوە، ئەمەش کاریگەری بەسەر هەموو لایەنەکانی ژیانەوە هەبووە، لەوانەش لایەنی

هونەری.

دەروێش جگە لە گۆرانیی وتن چەندین ئامێری میوزیکی دەژەنێت و شارەزاییەکی زۆری دەربارەی هونەر و میوزیکی کوردی زۆرە، سەبارە بە میوزیکی کوردی بە گشتی دەڵێ: سەرەتا ئامێرە میوزیکە کوردییەکان جیا بکەینەوە لە ئامێری میوزیکی میللەتانی دیکە، بە بڕوای من (رەبابە) یەکێکە لە ئامێرە هەرە رەسەنەکانی کورد کە لە دێر زەمانەوە بەکارهاتووە و هەر ئێمەی کوردیش دروستمان کردووە، بەڵام ئەوە مانای ئەوەی نییە کە تەنیا لە گۆرانی و میوزیکی کوردیدا بەکاردێت، بەڵکو هەموو گەلانی دنیا دەتوانن بەکاری بهێنن، بە هەمان شێوە نەتەوەکانی دیکەش ئامێری میوزیکی تایبەت بە خۆیان هەیە کەچی لەلایەن گەلانی ترەوە بەکار دەهێنرێت.

دەروێش پشتگیری لەو کەسانە دەکات کە پێیانوایە پێویستە ناسنامەی هونەری کوردی بپارێزرێت بۆ ئەوەی لە ناو نەچێت، لەم بارەیەوە دەڵێت: بە هۆی ئەوەی ئێستا روودەدات و بە ناوی هونەری کوردییەوە پێشکەش دەکرێت، منیش زۆر جار وا هەست دەکەم کە میوزیکی کوردی ناسنامەی خۆی لە دەستداوە، چونکە دەبینین رۆژ دوای رۆژ میوزیکی راستەقینە بەرەوە کەمبوون دەچێت و ون دەبێت، هەر هەرێم و ناوچەیەك میوزیکی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام پێویستە ستایلێکی کوردی هەبێت کە پێی بناسرێتەوە، هەروەها ئێستا ئێمە نازانین ناسنامەی هونەریمان چییە و لە چی پێکهاتووە ئەمەش کێشەیەکی دیکەی گەورەیە، ئەمەش بە ڕای من بۆ سەربەخۆ نەبوونی هونەرمەندان دەگەڕێتەوە ئەمە کاریگەری لەسەر کەسایەتیی خودی هونەرمەند هەیە، وای لێهاتووە هونەرمەند نەتوانێت بۆ خۆی کارێکی هونەری بەرهەم بهێنێت و بینێریتە بازاڕ، بۆیە قەدەری کورد لە دەست کەسانێکدایە کە ئەوانیش تواناکانیان سنووردارە، لە لایەکی ترەوە هەر هونەرمەندێك سەر بە لایەنێکی دیاریکراوە و ناتوانێت لە فەرمانی دەربچێت، پاراستنی رەسەنایەتی هونەری کوردی بەم بارودۆخەی ئێستا تێیدایە کارێکی ئاسان نییە و پێویستە ئەم رەسەنایەتییەی هونەری کوردی بپارێزرێ، چونکە هەموو هونەری کوردی هونەرێکی نەتەوەییە تەنانەت گۆرانییەکانی ئاشق و ئەڤیندارانیش هەمووی بەر لەوەی راستەوخۆ بۆ کچ یان کوڕ بێت بۆ کوردستان بووە و ئێستاش هەر بەردەوامە، ئەمەش بۆ بندەستی و مێژووی پڕ لە نەهامەتی گەلی کورد دەگەڕێتەوە.

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی ئایا هونەرمەندانی کورد لە هەموو پارچەکان چۆن دەتوانن هونەری کوردی پێش بخەن بۆ ئەوەی رەسەنایەتی خۆی لە دەست نەدات، دەروێش سەرحەدی دەڵێ: پێویستە هونەرمەندان هەوڵێکی زۆر بدەن بەلایەنی کەمەوە هەوڵ بدەن لە ئاستێکی جێگیر هونەری کوردی بمێنێتەوە واتە نەگەڕێتەوە دواوە و لەگەڵ پێشکەوتنەکانی ئەم سەردەمە بڕوات، بەڵام بە پاراستنی مۆرکی نەتەوایەتی بێت، دوای دەیەها ساڵ لە داگیرکاری و وێرانکاری کوردستان، بە هەوڵ و خەباتی هەموو لایەك بەشێك لە وڵاتی ئێمە ئازادبوو، ئێمە سەر لە نوێ وڵاتی خۆمان ئاوەدان دەکەینەوە لە پرۆسەیەکدا کە ئاوەدانی هەموو بوارەکانی ژیانی گرتۆتەوە و پێمان ناوەتە قۆناغێکی نوێ.

من بەشێوەیەکی گشتی گەشبینم لە بارەی هونەری کوردی، چونکە هەنگاوی باشی ناوە، هەروەها ژمارەی کەسانی بەتوانا و گرووپی مۆسیقا لەزیادبووندان ئەمەش مایەی دڵخۆشییە، بەڵام پێویستە هەماهەنگی و هاوکاری زیاتر لەنێوان هونەرمەندانی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان زیاتر بێت بۆ ئەوەی بە هەموومان بە جیهان بڵێین کە ئێمەی کوردیش خاوەن هونەر و کولتووری نەتەوەیی و تایبەتی خۆمانین و لە کۆڕ و کۆبوونەوە جیهانییەکاندا شانازی پێوە بکەین.

سەبارەت بە مەرجەکانی سەرکەوتنی هونەرمەند یان ئەو شتانەی پێویستە لە ناخی هونەرمەندا هەبن بۆ ئەوەی لە کاری خۆیدا سەرکەوتوو بێت، دەروێش سەرحەدی دەڵێ: بۆ گۆرانیبێژ دەنگی خۆش بە پلەی یەکەم دێت، هەروەها دەبێ گرنگیی زۆر بە فۆلکلۆری کوردی بدات و بە بەشێك لە ژیان و کولتووری نەمری خۆی بزانێت، ئاساییە هونەرمەند گۆرانیی نوێ و سەردەمیانە بڵێ، بەڵام با رۆحی کوردی تێدا بێت، بەتایبەتی لە میوزیك ئەمانە هەموویان دەبنە مایەی بناغەیەك بۆ دروستکردنی گۆرانی رەسەنی کوردی کە بتوانین لە هونەری گەلانی دیکەی جیایان بکەینەوە.

لە بارەی چۆنییەتی ناسینەوەی هونەر و کەلتووری کوردی و رێگا نەدان بە ون بوونی، هونەرمەندی شاری سەرحەدی باکووری کوردستان دەڵێ: پێویستە نەوەکانمان موزیکی کوردی بناسنەوە رەنگە ئەمە بۆ هاووڵاتییەکی ئەورووپی زۆر گرنگ نەبێت، چونکە ئێمە لە ناوچەیەکداین پێویستیمان بەوەیە بوون و ناسنامەی خۆمان بپارێزین تا ئەو کاتەی دەگاتە ئاستێکی بەرز، بۆ پاراستنیشی پێویستە هەر لە تەمەنێکی زوودا منداڵەکانمان بەشێوەیەك پەروەردە بکەین کە زۆر گوێ لە میوزیکی رەسەنی کوردی بگرن، دوای ماوەیەکی زۆر بەردەوام بوونم لە نێو کۆڕی هونەر و میوزیکی کوردی بە هەموو جۆرەکانییەوە بۆم دەرکەوتووە هەرچەندە ئێمە و باب و باپیرانیشمان گوێیان لە موزیکی کوردی گرتووە، بەڵام تا ئێستا بە تەواوی میوزیکی رەسەنی کوردی نەناسین، چونکە ئەوەندە دەوڵەمەندە بە رەنگ و جۆرەکانی، کاتێك ئەم میوزیکە رەسەنە نۆژەن بکرێتەوە و خەڵکانێکی بێگانە گوێی لێبگرن بەمە خزمەتێکی زۆر پێشکەش بە میوزیکی رەسەنی کوردی و میوزیك بە گشتی دەکەن، بەڵام کاتێك ئەگەر کۆپییەکی فارسی یان عەرەبی پێشکەش بکرێت لەسەر گۆرانییەکی کوردی ئەوا بۆ مرۆڤێکی ئەورووپی کارێکی کۆنە و نوێیەکە میوزیکی کوردییە، بۆیە پێویستە زیاتر گوێی لێبگیرێت لە قوتابخانە و ماڵەوە، تەلەفزیۆنەکان گرنگیی زیاتری پێبدەن، بەمەش بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەتوانیت کاری رەسەن پێشکەش بکەیت، لە هەمان کاتدا ئاساییە ئەگەر کەمێك فارسی یان عەرەبیشی تێکەڵ بکرێت بە مەرجێك کۆپی نەبێت رەسەنایەتیی کوردی پێوە دیار بێت.

